

**بابان**
**لە سلێمانییەوە دەینێرێ**



## نوکتەی سەفەری

* مریشکێک و کەڵەشێرێک چونە بازاری،چونە لای هێلکە فرۆشێک،کەڵەشێرەکە گوتی :هێلکە بەچەندە،کابراش سەری سورما و گوتی :باشە بۆ ئەم مریشکە هێلکە ناکات؟مریشکەکەش گوتی: هێلکەی دەکەم بەڵام بەس مارەکرایمە هێشتا نەی گواستیمەوە.

## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

میدیا: بازرگانی گۆڕستانەکانیش داگیر دەکات.

گەپ: ئاخر هەیە بە قەرزاری مردوە.

ئاسۆ: دەستوری عێراق پێشێڵ دەکرێت

گەپ: دەسشێلیش کراوە

کۆمەڵ: نانی بێدەنگی دەشکێنێت.

گەپ: ئینجا بە چیەوە ئەیخوات؟

ئاڵای ئازادی: ژنە پەرلەمانتار هەیە باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیاو نیە.

گەپ: ڕەنگ مەقسەدی ئەوە بێت ژن دەبێت زۆر لە پیاو مافی زیاتر بێت.

یەکگرتوو: وتوویژ یان لێدوان.

گەپ: چەلەحانێ.

سڤیل: ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کورد حەق و حیسابی لەگەڵ مالکی بکات.

گەپ: کێشەکە ئەوەیە باقی نایاتەوە بە کەس!

زاری کرمانجی: کاریگەری ژینگە لەسەر ڕەوشت.

گەپ: بەو حسابە بێت هەموو جل پاکێک موحتەرەمە!

هەفتانە: عێڕاقیەکان بۆ دیپۆرت دەکرێنەوە؟

گەپ: چونکە تۆ (دیپۆرت)ەکەت بە (دەکرێنەوە) کەوە لکاندوە.

بەڵگە: خۆپیشاندان یان .....؟

گەپ: ئەڵێ بەس نەبوو ورتەورت؟

گوڵان: مێردە دڵپیسەکەم.

گەپ: خەتایماڵی بێ ئاوە.

ڕۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن پەروەردە دەگۆڕێت

گەپ: ئەم جارە ئەیکا بەسستمی رووسی؟!

کوردستانی نوێ: چ دانوستاندنێکمان دەوێ.

گەپ: بەبێ شەڕی چەقۆ.

ئاوێنە: شەقامی شەست مەتری سلێمانی بێ پاسە.

گەپ: ئەمە بۆیە هەر سایەقەو بۆخۆی گۆڵ ئەکات.

هاوڵاتی: مامۆستا و قوتابی وەک دوو هێڵی تەریبن.

گەپ: زۆرجاریش بونەتە هێڵی یەکتربڕوو زەواجیان کردوە.

چاودێر: عێراق لە نیوزلەندا دەفرێت.

گەپ: لە ئیرلەنداش بفرێت هەر هەوە.

هەواڵ: حزبەکەی هیتلەر لە میسر سەرهەڵدەداتەوە.

گەپ: ئاخر لێیان نایەت.

باس: ژنانی کوردستان فێری گەشت بوون.

گەپ: ئینجا نۆبەی مەسروفاتی سەفەرە!

خەبات: چۆن دەبیت بە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو.

گەپ: بە گوێرەی عیلاقاتی خاریجی بە وەزیرەوە!





## هەواڵی ماتۆڕی

سایقی ماتۆڕەکەمان بە سەریعی لەدەرگای نەخۆشخانەکەی بنەسلاوە دەرپەڕیە دەرەوەو دیسان خۆیکردەوە بەژوردا، ئێمەش لێمان پرسی: چیت لێقەوماوە؟ وتی: هیچ نییە ژنێکی خزممان بەبۆنی دەرمانی موعجیزە تەنگەنەفەس بووەو لەهۆش خۆی چوە، ئێمەش وتمان: ئەی دکتۆرەکان لەکوێن؟ بۆ لێی ناپرسنەوە؟ وتی: دکتۆرێک هات دەرزیەکی لێداو ئۆکسجینی بۆداناو پێی وتم: ئەم ئۆکسجینە بەم شێوەیە دەکوژێتەوە، ئەگەر زانیتان نەخۆشەکە حاڵی باشتر بوە، جیهازو گڵۆپەکان بکوژێننەوەو دەرگای نەخۆشخانەکە داخەن و بڕۆن، منیش وتم: دکتۆر گیان ئەی ئێوە چی ئەکەن؟ وتی: عاقڵ گیان ئێمە دەوامماە تەواو بوەو دەڕۆینەوانێ، ئێمەش وەکو ستافی گەپ لەداخا چوار کۆپلە گۆرانی ئازیز مەڕۆ جافیمان چڕی!!



## عەینەن یەك



### خۆڵبارین

١. لە هەفتەیەکدا سێ جار دەبارێ.
٢. دوای دە ڕۆژ ئاسەواری هەر دەمێنێ.
٣. لە هەواڵەکانی کەش و هەوادا دەخوێنرێتەوە.
٤. لە سەحراکانی جنوبەوە تەشریف دێنێ.
٥. لەکاتی باریندا هەموو شوێنێک دەگرێتەوە.
٦. لەگەڵ بوونی ڕەشەبادا زیاد دەکات.
٧. کاتێک دەبارێ دەرگاو پەنجەرە دادەخەین.

### مەعاش

١. دوو مانگ جارێ سەرەتاتکێ دەکات.
٢. بەیەک چرکە مەحف دەبێتەوە.
٣. ناوی لە قوژبنی هیچ کەناڵێکدا نابیستری.
٤. لە بەغداوە بۆ هەرێمداو هەرێم شیردا بۆ داپیردا.
٥. لە مەنسولین و ئەحبابەوە دەست پێدکا.
٦. لەگەڵ هەر شنەبایەکی سیاسیدا کەم دەکات.
٧. کاتێک تەوزیع دەکرێ لە پەنجەرەوە وەریدەگرین.

NAMO

ڕۆستەم زادە
(نامـــــۆ)

تایبەت بە گەپ دەینێرێ





## نوکتەی سەفەری

* ڕێویەکی سەرخۆش بەناو دارستاندا دەڕویشت و لەبەرخۆیەوە دەی گوت:گورگی دەخۆم،سەگی دەخۆم، مەری دەخۆم، بەچکە شێریش دەخۆم،لەو کاتەدا شێرێک لەبەر دەمی وەستا، ڕێویەکەش لەترسی شێرەکە وتی جار جار گوش دەخۆم!

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### (کۆبونەوە)

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

کۆبونەوەو ئیجتیماع و خربونەوە لەدەوری مێزی گفت و گۆ، لەڕووی سیاسییەوە کارێکی نایابەو شایستەی هەڵپەرکێ و چەقەنە لێدانە، بەمەرجێک مێزی کۆبونەوەکە لێوانلێو بێت لە میوەو چەرەزات و بزکەی سمێڵ و قاقای پێکەنین، هەروەها دور بێ لە مەرجی موستەحیل و خاڵی مەحاڵ و دەبە ئاوی دورهاوێژ!

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

تەجەمموعی مەدەنی وکۆڕو کۆبونەوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شتێکی ئاساییەو مافی هەموو کۆڵان و گەڕەک و دراوسێ و خزم و قەوم و قەبیلەیەکە، وەک کۆبونەوەی پیاوان بۆ زەمی حکومەت و کۆبونەوەی ژنان بۆ غەیبەتی خەسو و کۆبونەوەی کوری گەنج بۆ تەعلیق لە کچان و کۆبونەوەی کچان بۆ باسی کەپڵەکانیان!






## (هەر لۆ فشەی)

### شێخە فشە

نیوەشەو بوو لە ماری سەعید دۆندرمەی بووە هەرا، مندارەکان دەگریان، سەعید و ژنەکەش وەرگەڕابوونە یەکتری، ژنی سەعید هاواری کرد: هاوارە خەرکینە تەلفۆن لۆ شورتەی بکەن، سەعید شێت بووە.. تەماشاکەن تەلەفزیۆنەکەی هوردوهەڕا کردیە، دەیویست تەلاجەکەش بە عاردی دادا- تەلەفزیۆن ببوە سەد پارچە، مندارەکانیشی دەگریان- لێیان چوومە پێش: ها مام سەعید چ بوو تێم ناگەینی؟ ئەوە شەڕە سەیەتان لە چییە؟ مام سەعید هاتە پێش گۆتی: کاکی خۆم لێم مەگرن ناهەقم نییە ئەعسابم تێک چوو، کۆنترۆڵم لە دەست دا، (٢٤) سەعات ڕیکلام- گۆرانی ساردوسڕ- ئەلقەی ژەهراوی تورکی و عەرەبی هەموو دەمێ تۆپانێ- مێزگەردو قسەی قەڵەو قەڵەو گێت لە چشتەکی خۆش نابی، چشتەکی خۆش نابینی سەرودرت پێ بکرێتوە- خۆ ئەو ئەڵقە بێ مەعنایانە خەریکی تووشی لێک ترازان و تەراقدان کرد- ئەمنیش کاکە بەشەرم گۆشت و خینم- هاتە سەرم هیچم لە دەست نەما تەلەفزیۆنەکەم دا بەر مست و پێلەقان پارچە پارچەم کرد، ئەوجا خەرکەکە کشانەوە هەموو پێکەوە گوتیان (اشهەدو مام سەعید ناهەقی نەبووە)!!



### تەحلیلی ئابووری:

کۆبونەوەی لایەک لە ئۆمەتی موحەممەد لەبەردەم پەنجەرەی دەوائیرو دام و دەزگا حکومی و حزبییەکاندا بۆ وەرگرتنی موچە، لەڕوی ئابوورییەوە مایەی سەرئێشەو لەجێچونی عەقڵ و تاکەوتاک بونی چاوی ژێرخانی ئابوورییە، چونکێکوم هەندێ لە موچەخۆرەکانی هەرێمی کوردستان موچەکانیان دەبلەو بە باوکی حاسیبەش نایەتە ژماردن!!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لە کارتێکی سەری ساڵداو لە بەرواری سیی پێنجی دەرەجە لوشدانی ساڵی دووهەزارو یانزەی میزاجیدا، زۆربەی مامۆستایانی کوردستان بەدەم تروکاندنی فستەقەوەو بەپێی میزاج و زەوقی سەلیمی خۆیان هەستان بە دانانی نمرەی بەرز بۆ سەدو پەنجا قوتابی و خوێندکاری لەمەڕ خۆیان و ناویان لێنان سەرکەوتوەکان و لێهاتوەکان، وەک ئەوەی قوتابیەکانی تر تەڕەپیازیان پاککردبێ.

٢. لە خەونێکی ئەفسوناویداو لەڕێکەوتی شانزەی وەعدبەندانی ساڵی شانزەهەمی بەڵێنی سەر تەلەفیزۆنیدا، شانزە ساڵە لەلایەن شانزە بەرپرسەوە وەعدو بەڵێن دەدرێ سەبارەت بە زیادکردنی موچەی پێشمەرگە، بەڵام چوار ساڵی یەکەم بۆیانکردن بەخێر، چوار ساڵی دووەم بۆیان کۆکردنەوە، چوار ساڵی سێیەم بۆیانکردن بە لەفەو چوار ساڵی کۆتاییش بۆیان حەمکردن!

٣. لە عێلێکی وەک جافیداو لە بەرواری کفتە لەسەر شفتەی مانگی تکەو کەباب لێدانی ساڵی دووهەزارو حەفلەی دووفلیقانەییدا، لە گوندی باخانی قەرەداغ فیستیڤاڵی ساڵانەی ئێل بەگی جاف جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو بەڕێوە چوو، چونکە ململانێی سیاسی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەستەڵات عەینەن گوێزو کشمیش خۆی خزاندبوە ناو لۆچی یاپراخەکانیشەوە!!




## تیاترۆ

عوسە سویچ

کوڕ/ باوکە مژدەم بەرێ

باوک/ چی ڕویداوە بڵێ با ٢٥٠ بدەمێ؟

کوڕ/ جا ٢٥٠ چیە؟ وەڵڵا نایڵێم.

باوک/ دەبڵێ بزانم چیە؟

کوڕ/ وەڵا نایڵێم تا ١٠٠ هەزارم نەدەیتێ

باوک/ ١٠٠ هەزارم لەکوێ بوو؟

کوڕ/ باشە پلەی دوویەکم بۆ بکرە پێت ئەڵێم.

باوک/ پلەی گوو چیە؟

کوڕ/ پلەی ستەیشن٢

باوک/ سلەی پتەیشن چیە؟ سەلکە زۆڵ بە کوردی قسە بکە.

کوڕ/ دەباشە پێت بڵێم مژدەم ئەیەیتێ

باوک/ئەزانم ئەڵێیت ٢١٠ هەزار مەعاشەکەمان زیاد ئەکا؟

کوڕ/ نا بەخوا ئەوەش نیە.

باوک/ دەچیە بیڵێ با داشبوڵی دەم ددانت پۆڵیش نەکەم!

کوڕ/ باوکە گیان شوکر بۆ خوا دەرچوم.

باوک/ پف لەو مژەیە، جاخۆ دکتۆراش بێنیت تەعین نابیت!

